# پەرەپێدانی کۆمەڵگاو گەیشتن بەئابووری بازاڕ

# لەتاکەوە دەست پێ دەکات و بۆ خزمەتی تاکیشە

> نەبوونی سەرمایەی مەعریفی بەگشتی و ئابووری بەتایبەتی لەعێراق و کوردستانیشدا مێژوویەکی کۆنی هەیە

### گرنگترین مەرجەکانی سەرکەوتنی حوکمڕانی؛ پەرەپێدانی سەرمایەی مەعریفییە

هەریەك لە حکومەتەکانی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ئاسیاو ئەمەریکای لاتینی مۆدێلێکی جیاوازی پەرەپێدانیـــان گرتەبـــەر، لەوڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ئاسیا گرنگییان بە پەرەپێدانی پەروەردەدا، تاوەکو ببنە خاوەنی خەڵکێکی هۆشـــیارو ڕۆشنبیر، لەم پێناوەشدا ســـەرمایەیەکی گەورەیان خستەگەڕ، لەئەمەریکای لاتینی ئەرکی پارتە سیاسییەکان بەهێزکردنی هەســـتی نەتەوایەتی بوو تاوەکو لەو ڕێگایەوە تاك خزمەت بـــە ئابووری وڵاتەکەی و بەرژەوەندی گشـــتی و لەناویشیدا بەرژەوەندی تاکەکەســـی و شەخســـی خۆی و خێزانەکەشی بوونێت. بەڵام لەهەردوو مودێلەکەدا بەرزکردنەوەی ئاستی مەعریفی تاکیان پشتگوێ نەخستوو لەم پێناوەدا سەرمایەیەکی گەورەیان بۆ تەرخان کرد، ئەمـــەش لەو ڕوانگەیەوە هاتووە کاربەدەســـتانی بـــاڵای ئەو وڵاتانە ئەو راســـتییەیان دەزانی بۆ گەیشتن بەئاستی خۆشـــگوزەرانی و گەشەی ئابووری، هەروەکو چۆن حکومەت و قەوارەیەکی سیاســـی پێویســـتە بوونی هەبێـــت، هەرواش ئامادەکردنی گەلێکی هۆشـــیارو بەرزکردنەوەی ئاســـتی ڕۆشـــنبیری ئابووری تاکیش زەroورە.

پەرەپێدانی ســـەرمایەی مەعریفە لەگرنگترین مەرجەکانـــی حوکمڕانـــی ســـەرکەوتووە، بەبێ پەرەپێدانـــی مرۆیی و بەرزکردنـــەوەی توانایی ڕۆشـــنبیری ئابووری و پێگەیاندنـــی نەوەیەك کە لە ئاستێکی ســـەرمایەی مەعریفی بەرزدا بن شانســـی حوکمڕانەکان کەمە، بۆ گەیشـــتن بەئابـــووری بـــازاڕو ئەنجامدانـــی پەرەپێدانی سەرتاســـەری ئابووری. ئەمە ئـــەو خاڵەیە کە دەبێت حکومەتی هەرێمی کوردســـتان بەرنامەو پلانـــی بۆ دارێژرێت و بودجەو ســـەرمایەیەکی گەورەشی بۆ تەرخان بکات، چونکە بۆ گەیشتن بە ئابووری بازاڕ هەروەکو چۆن پێویســـتیمان بە دامەزراوەی ئابووری و چینی ناوەراست و یاساو شەفافییەتی ئابووری و بەڕێوەبردنێکی ستراتیژی و دەیان پێداویستی تری گرنگ هەیە، هەرواش پێویستیمان بە کۆمەڵگایەکی هۆشیار هەیە کە تێیدا تاکەکان لە ئاســـتێکی بەرزی ڕۆشنبیریدا بن بەتایبەتی ڕۆشـــنبیری ئابووری و هۆشیاری تاك بەرامبـــەر ئابـــووری و گۆڕانکارییەکانی ســـەردەم . پەرەپێدانی مرۆیـــی نایەتەدی گەر شانبەشـــانی پەرەپێدانـــی ئابـــووری هەنگاوی بۆنەنرێـــت و، خۆشـــگوزەرانی بۆتاکەکانی ناو کۆمەڵ بەشێوەیەکی دادپەروەرانە زامن نەکرێت، واتە مرۆڤ بکرێتە بابەتی ســـەرەکی پەرەپێدان، ئەوەتـــا پەرەپێدانـــی مرۆیی بۆتـــە پێوەرێکی سەرەکی بۆ هەڵســـەنگاندنی حوکمڕانی باش و ئاستی پێشـــکەوتنی ئابووری وڵاتان. هەرێمی کوردســـتان خاوەنی توانایەکی ئابووری گەورەیە بەتایبـــەت لەبوارەکانی دەرامەتی سروشـــتی و بوونـــی ژینگەیەکی لەبار بۆچوونە ناو ئابووری بازاڕ، بەڵام لە پرۆســـەی دیموکراسی ئابووریدا بەبێ خۆئامادەکردن و دابینکردنی ژینگەیەك کە پێشوازی لەو گەشەکردنە بکات، هەلی سەرکەوتن لاوازە بۆچوونـــە ناو ئابووری بازاڕو دابینکردنی خۆشـــگوزەرانی کۆمەڵگا، گەر بێتوو هاوکاری نەبێت لەنێـــوان هاووڵاتییان و حکومەت یان تاك و ئابووری، بەزەحمەت دەتوانرێت بەرنامەو پلانە ئابوورییـــەکان لەرووی براکتیکییـــەوە جێبەجێ بکرێت. ئاستی پێگەیشتنی ڕۆشنبیری کۆمەڵگا کە لەئاستی شارەزایی بوون و ڕۆشنبیری تاکەوە دێـــت بەرامبەر ئابووری و ئەو گۆڕانکارییانەی لە گۆڕەپانی ئابووری روویانداوە، زۆر پێویســـتە لە ئاست واقیعی گەشەی ئابووری جیهانی بێت و هۆشیارییەکی تەواوی بە بنەما ئابوورییەکان و ڕۆشنبیری ئابووری هەبێت .

ســـەرمایەی مرۆیی و چۆنیەتی بایەخدان پێی بەتایبەت ئەکتیڤکردنـــی لەبواری بەرهەمهێنان و پســـپۆرایەتی و بەرپرســـیارێتییەوە، بەبـــێ پێشخستنی ئاستی ڕۆشـــنبیری ئابووری لای تاك و ئەکتیڤکردنی ئاستی هۆشیاری کۆمەڵگا کە لەگەڵ پێداویســـتییەکانی ئابووری و بازاڕدا بگونجێت، ناکرێت پرۆسەی پەرەپێدانی ئابووری سەرکەوتن بەدەست بهێنێت، لەم باسەدا پسپۆران و شارەزایانی زانکۆ تیشك دەخەنە سەر سەرمایەی مەعریفـــی و چۆنیەتـــی پێشخســـتنی لەپێناو بەرزکردنـــەوەی ئاســـتی ڕۆشـــنبیری ئابووری تاك لەناو کۆمەڵگادا، بـــۆ ئەوەی حکومەت و هاووڵاتی دوو بابەتی سەرەکی بن لەهاوکێشەی پەرەپێدانی ئابووری و مرۆیی..

> پەرەپێدانی مرۆیی بۆتە پێوەرێکی سەرەکی بۆ هەڵسەنگاندنی حوکمڕانی باش و دیاریکردنی ئاستی پێشکەوتنی ئابووری وڵاتان

### ناکرێت لەپرۆسەی گەشەکردنی ئابووری بەشدارنەبین و داوای خۆشگوزەرانی و چارەسەرکردنی کێشەو گرفتەکان بکەین

پەرەپێدانـــی ســـەرمایەی مەعریفـــی لەلایەن ڕێکخراوو ناوەندە ئابوورییە جیهانییەکان بەبەردەوام تەئکیـــدی لەســـەر دەکرێتەوە، ئـــەو ڕێکخراوو ناوەندە زانســـتی و ئابوورییە جیهانییانەی وەکو ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و شەفافییەتی نێودەوڵەتی و ڕێکخـــراوی بازرگانی جیهانی و بانك و ســـندووقی نێودەوڵەتی. ئاستی گەشەی مرۆییـــان کردۆتـــە پێوەرێك بـــۆ دیاریکردنی ڕێـــژەی پەرەپێدانی ئابـــووری لەناوخۆی وڵات و هەرێمەکانی جیهاندا، ئەو راســـتییەش دەزانن بەبێ پەرەپێدانی مرۆیی شانســـی حوکمڕانەکان نییە بۆ گەیشتن بەئابووری بازاڕو ئەنجامدانی پەرەپێدانی سەرتاســـەری ئابـــووری. کاتی ئەوە هاتووە ئەرکەکانمان بەرامبەر مافەکانمان بزانین، تاچەنـــد دەتوانین بەم توانایانەوە پشـــتگیری لە هەوڵەکانی حکومەت بکەین کە بۆ باشترکردنی بارودۆخەکـــەو گەیشـــتن بە خۆشـــگوزەرانی دەینێـــت، ناکرێت لەپرۆســـەی گەشـــەکردنی ئابووری بەشـــدارنەبین و داوای خۆشگوزەرانی و چارەسەرکردنی کێشەو گرفتەکانی هەڵئاوسان و بێـــکاری و هـــەژاری و خراپی سیســـتەمی تەندروســـتی و نزمی ئاستی خزمەتگوزارییەکان و دەیان خواســـت و پێداویســـتی تر بکەین، یان نزمی ئاستی ڕۆشـــنبیری ئابووری تاك بگاتە ئاســـتێك تەنیا پشـــتگیری ئەو گۆڕانکاری و چاکســـازییە بکات کەلـــە بەرژەوەندی ئەودایەو دژی ئـــەوەش بێتەوە کە لەبەرژەوەندی ئەو نییە. کاتێك پرســـیار دەکەین و دەپرســـین ئەرکەکانی سەرشـــانی حکومەتی هەرێم چییە؟ دەبێت ئەو پرسیارەش لەخۆمان بکەین ئەرکەکانی سەرشانی ئێمەش چییە لەم ئەزموونەدا؟

سەرەتای ڕێگای پەرەپێدانی ئابووری و مرۆیی




لەچەسپاندنی سەقامگیری سیاسییەوە دەست پێدەکات و دواتر لەچارەسەرکردنی گێشەو گرفتە ئابوورییەکانەوە کە یەخەی ژێرخانی ئابووری هەرێمەکەمانی گرتووەو، پاشان هەنگاو بەرەو پەرەپێدانی مرۆیی دەنرێت و شانبەشانی پەرەپێدانی ئابووری هەنگاوی بوێرانەی بۆ دەنرێت نەك تەنیا بۆبەگەڕخستنی هەوڵ و تواناکان، بەڵکو بەپێشخستن و رۆشنبیرکردنی تواناکانیش کە دەبێتە مایەی پێشخستنی ئاستی خوێندن و تەندروستی و خزمەتگوزارییەکان، پێویستە حکومەت لەبودجەی گشتی پەرەپێدانی مرۆیی و بەرزکردنەوەی ئاستی مەعریفی تاك بڕە پارەیەکی باش تەرخان بکات. سەبارەت بەپێوەندی نێوان هاووڵاتی و ئابووری و چۆنیەتی بەرزکردنەوەی ئاستی گەشەی سەرمایەی مەعریفی و بڵاوکردنەوەی کولتووری رۆشنبیری ئابووری راو بۆچوونی کۆمەڵێك شارەزاو پسپۆری ئابووریمان وەرگرتووە بەڕێز دکتۆر ئاراس حوسێن دارتاش مامۆستا لەزانکۆی سلێمانی و پسپۆرو شارەزا لەبواری ئابووری سەبارەت بەکێشەو گرفتی لاوازی سەرمایەی مەعریفی و کاریگەری نەبوونی دامەزراوەکان لەسەر پاراستنی ماف و دیاریکردنی ئەرکەکانی هاوڵاتییان، ئەو هەنگاوانەی کە دەبێتە هۆی گەشەکردن بەبەهرەو تواناکانی تاك و دوورکەوتنەوە لەکولتووری دواکەوتوو بەمجۆرە رای خۆی بۆ ئەم راپۆرتە دەربڕی:

لاوازی سەرمایەی مەعریفە لەهەرێمی کوردستاندا بە یەکێك لەکێشە سەرەکییەکانی بەردەم پێشکەوتنی ئابووری دادەنرێت، ئەمە ئەوە ناگەیەنێت هاووڵاتییان و بیزنسکارو بازرگان و وەبەرهێنەرانی کوردستانی خاوەنی ئەم سەرمایە گرنگەی مەعریفەی ئابووری نین، لەهەرێمی کوردستاندا بەشێوەیەکی ئەزموونی تاکی کوردستانی و زۆر لەچین و توێژە پێوەندارەکانی تر بە ئابوورییەوە بوونەتە خاوەنی فەرهەنگی ئابووری و کولتوورێك بۆ رێکخستنی ژیانی ئابووری سەرەڕای بوونی کەموکورتی و گرفت، ئەمە دیوێکی کێشەکەیە کە خۆی لەکزی و لاوازی کولتوورو رۆشنبیری ئابووری دەبینێتەوە، دیوەکەی تریان پێوەندی بەخودی پەیکەربەندی ئابووری و رێکخستنی ئەم ئابوورییەوە هەیە، ناکرێت لەئابوورییەکدا کە کەرتی تایبەت تێیدا لاواز بێت و کەرتی گشتی بەو قەبەیی و بێ بەرهەمەییە بێت و بەکۆمەڵێك کێشەو گرفتدا تێپەڕ بوویێت بڵێین : «هاووڵاتییانی کوردستان پێوەندییەکی تووندو تۆڵیان بەئابووری و هاوکێشەی ماف و ئەرك هەیە!»، کە هاوکاتە لەگەڵ نەبوونی یان لاوازی و کەمی دامەزراوەکان، ئەو دامەزراوانەی کە مرۆڤ دەتوانێت لەناو چوارچێوەی یاسایی و رێنمایی رێکوپێك و توندوتۆڵ بەسیستەم کاری خۆیان بکەن و تاکێکی بەرهەمهێن و چالاکیان لێ بەرهەم بهێنرێت، لەبەرامبەریشدا تاکی کورد لەهەموو ماف و دەستکەوتەکانی خۆی ئاشنا بێت. ئێمە لەهەرێمی کوردستان خاوەنی دەرامەت و سامانی گەورەین، بەڵام پێویستمان بەدەرامەتی مرۆیی و پەرەپێدانی ئەو دەرامەتە هەیە، ئێستاکە لەسەرەتای رێگادایین بۆ پەرەپێدانی ئابووری و دەربازبوون لەکێشە تەقلیدیەکانی نزمی ئاستی خزمەتگوزاری و نائارامی و ناسەقامگیری سیاسی، کاتی ئەوە هاتووە هەموو لایەك کار بۆ پرۆژەو سەرمایەی مەعریفی بکەن و بتوانین بەکەمترین تێچوون و خێراترین کات دەستکەوتە ئابوورییەکان بەدەست بهێنین، چونکە وەکو پێشتر ئاماژەم پێدا پشێوی ئابووری و شوێنەوارەکانی ساڵانی رابردوو فەرامۆشکردنی هەرێمی کوردستان میراتییەکی خراپی بۆ بەجێهێشتووین.

گرنگ نییە لە بۆچوون و تێڕوانینەکانمان جیاواز بین، گرنگ ئەوەیە ئامانجەکان لەپێناو خزمەتکردنی ئابووری کوردستاندا بێت. نابێت لە زانستی ئابووری ئەو بڕگەیە لەیاد بکەین، کە پرۆسەی ئابووری لەپێناو گەشەکردنی ئابوورییەو، دوا ئامانجیش لەم گەشەیە بەرزبوونەوەی داهاتی تاکی کوردستانییە، واتە ئابووری لەپێناو تاکی کوردستانییە و بەهیچ شێوەیەك سازشی لەسەر ناکرێت، ئەرکی سەرشانی تاکیشە گەشە بەبەهرەو تواناکانی خۆی بدات، خوورەوشتی ئابوورییانەی لەچوارچێوەی ( بەرهەمهێنان و بەکارهێنان و ئاڵوێرو پسپۆرایەتی ) گەشە پێ بکات. کولتووری کەرتی گشتی و تایبەتی لەهەرێمی کوردستان کولتوورێکی دواکەوتووە، ئەم کولتوورەش کاریگەری لەسەر لاوازبوونی ئاستی توانایی و مەعریفی دەکات، چونکە ئەم کولتوورە رێگرە لەبەردەم پێشکەوتنی هەرێمەکە، کولتووری گشتی حکومەت لاوازە کە بورژوازی ئیداری بەڕێوەی دەبات و کولتووری گشتی کۆمەڵگاش گیرۆدەی کۆمەڵێك دابونەریت و هزری دواکەوتوو بووەو ئەوەندەی تری بارودۆخەکە ئاڵۆزتر کردووە .

بوونی تواناو لێهاتوویی بۆ باشکردنی بەڕێوەبردنی دامەزراوەکان بە زەروورەتێکی ئەم سەردەمە دادەنرێت، پێویستە لە رێگای زیادکردن و فراوانبوونی خولەکانی مەشق و راهێنانەوە، بەپاڵپشت بەپلانی کورتخایەن و مامناوەندو و درێژخایەن درێژە بەو کاروانە بدرێت و، چیتر ئابووری کوردستان بێ ناسنامە نەبێت و کەرتی گشتی و تایبەتی رێکخستنێکی سەرتاسەری بۆ بکرێت، بەتایبەت لەخاڵی گرنگیدان بەدامەزراوەییەکان کە تێیدا هاووڵاتییان ئەرك و

**هاووڵاتی بە ماف و ئەرکەکانی خۆی شارەزا نییە و ئاگاداری لەواقیعی ئابووری جیهانیدا کەمە**

**لە پرۆسەی دیموکراسی ئابووریدا بەبێ خۆئامادەکردن و دابینکردنی ژینگەیەک کە پێشوازی لەو گەشەکردنە بکات، هەلی سەرکەوتن بۆ چوونە ناو ئابووری بازاڕو دابینکردنی خۆشگوزەرانی کۆمەڵگا لاوازە**



**دكتۆر ئاراس حوسێن دارتاش**
**مامۆستا لەزانكۆی سلێمانی و پسپۆرو شارەزا لەبواری ئابووری**

# لە پێناو رۆڵ بەخشینێكی زیاتر بە هاووڵاتیان پێویستە حكومەت بەهێز بكرێت، نەک بەرەخنەی بێ بنەماو مەبەست و مەرامی سیاسی هەوڵی لاوازكردنی حكومەتەكە بدرێت

مافەكانیان تێیدا رێك دەخرێت. لەبەرامبەریشدا چەندین لایەن و دیوی ئیجابیش هەیە بەتایبەت لەم چەند ساڵەی رابردوودا كە تێیدا تاكی كوردستانی بووە خاوەنی داهاتێكی تاكەكەسی باش و زۆر لەخێزانەكان لە هێڵی خوار هەژاری و هەژاری دەربازیان بوو تارادەیەكیش چینی ناوەراست دەركەوت، ئەو چینەی كە هەڵگری زانستی مەعریفی و رۆشنبیری ئابووری و خاوەنی بیرو هۆشمەندێتی ئابوورین، خاڵێكی زۆر گرنگ كە دكتۆر ئاراس تیشكی خستە سەری ئەویش ئەوەبوو »لەپێناو هاووڵاتیبوون و پێدانی رۆڵێكی زیاتر لەپرۆسەی ئابووری پێویستە حكومەت بەهێز بكرێت نەك بەرەخنەی بێ بنەماو مەبەست و مەرامی سیاسی هەوڵی لاوازكردنی حكومەتەكە بدرێت، لەهیچ كونجێكی دنیادا نییە خەڵكی خۆت دژی حكومەت هانبدەی حكومەت خزمەتگوزارو جێبەجێكاری ئەو بەرنامەو پلانە ئابوورییانەیە كە خۆشگوزەرانی بۆ هاووڵاتییان زامن دەكات و هەوڵی پەرەپێدانی ئابووری دەدات، بەپەرەپێدانی ئابووری مرۆییشەوە .

دەربارەی ئەو هۆكارانەی كەبوونەتە هۆی لاوازی ئاستی مەعریفەی ئابووری و رۆشنبیری تاك لە كۆمەڵگاو چۆنیەتی رووبەرووبوونەوەی ئەم كێشەیە دكتۆر كاوە محەمەد قەرەداخی مامۆستای كۆلێژی كارگێری و ئابووری لەزانكۆی سلێمانی وتی: رەنگە ئاماژەپێدان بەرێژەی ئاستی هۆشیاری و رۆشنبیری ئابووری لەكوردستان كارێكی ئاسان نەبێت، ئەوەی تێبینی دەكرێت و دەخرێتە روو بەپشت بەستنە بە ژیانی رۆژانەو ئابوورییانەو كاروچالاكی بازاڕ، كە هاووڵاتی ئاسایی خاوەنی شارەزاییەكی ئەوتۆی نییە لەفەرهەنگی ئابووری ئەوەی دەیزانێت پێوەندی بەكاری رۆژانەو پێداویستییەكانی سەرەتایی ژیانییەوە هەیە، واتە مەعریفەی ئابووری لای تاكی كوردستانی زۆر سادەو لاوازە، واتە ئەو مەعریفەو شارەزاییە لەو روانگەیەوە نییە كە شیبكاتەوەو بڕیاری لەسەر بدات، ئەمەش هۆكارێكە كە لەژیانی ئابوورییانەی خۆی دا بڕیارە ئابوورییەكانی لەسەر بنەمای زانستی نییە .

ئەمە هۆكارێكی لاوازی گەشەی ئابوورییەو كاریگەری لەسەر داهاتی تاكەكەسی و لایەنی زانستی و مەعریفی تاكی كوردستانی هەیە، لەلایەكی ترەوە نەبوونی دامەزراوەیی ئابووری و نەبوونی فەلسەفەو پلانی ئابووری هەمووی كۆمەڵێك هۆكاری ترن كە وایكردووە لەدامودەزگا كارگێری و ئابوورییەكانی كەرتی گشتی و حكومی سەیری كارگێڕی و ئابووری نەكرێت، لەسەر بنەمایەكی زانستی بەڵكو وەكو كارو ئیشێكی رۆتینی رۆژانە سەیر كراوەو هاوكێشەی قازانج و زیانیش لەسەر ئەم بنەمایە دارێژراوە.

تاكو ئێستا رێكخراوو پەیمانگا و زانكۆو دامەزراوەیەكی ئابووریمان نییە لە هەرێم پێوەندی نێوان زانستی ئابووری و زانستی ژیانی ئابووری بازاڕ بكات، زۆربەی ئەو توێژینەوانەو باسانەی لەدامودەزگاكانی راگەیاندن و ناوەندەكانی تر دەكرێت زیاتر پڕكردنەوەی لاپەرەكانی راگەیاندنە نەك پێدانی هۆشیاری و دەوڵەمەندكردنی سەرمایەی مەعریفی.

هەر ئەزموون و مۆدێلێكی ئابووری لە دەرەوەی هەرێمی كوردستان یان لە ناوخۆدا بۆ دامەزراوەكان یان بۆ سوود وەرگرتن لە پەرەپێدانی ئابووری وەربگیرێت، پێویستە توێژینەوەی لەسەر بكرێت و دواتر بهێنرێتە هەرێمی كوردستان و بەپێی گۆڕانكاری و واقیعەكە پێویستە گۆڕانكاری تێدا بكرێت و بیگونجێنرێت لەگەڵ واقیعە ئابووری و سیاسی و كۆمەڵایەتییەكەی كوردستان دا .

سەبارەت بەمافی خاوەندارێتی و گرنگی بۆ بەشداریكردنی هاووڵاتییان لە پرۆسەی سیاسی كە بۆ بەرزكردنەوەی ئاستی رۆشنبیری ئابووری گرنگە دكتۆر كاوە قەرەداخی وتی : ((بوونی مافی خاوەندارێتی وەكو دیوێكی ژمێریاری و كارگێڕی بۆ بەرزكردنەوەی توانای تاك و بەشداریكردنی لە پرۆسەی ئابووری هەرێم گرنگە، مەبەستیش لێی بەشداری سەرمایەی تاكەكەسییە لە كەرتی تایبەت، دروستكردنی كۆمپانیا بەتایبەت كۆمپانیای هاوبەش بۆ ئەم بەشداریكردنە چێی بایەخە، ئەمڕۆ مافی خاوەندارێتی لە كوردستاندا نییە ئەركی حكومەتی هەرێمە یارمەتی و كۆمەك بداتە ئەو كۆمپانیانەی هاووڵاتی دەتوانن لەڕێگای پشكەوە بەشدار بكەن لەپرۆسەی ئابووری .

نەبوونی مەعریفەی ئابووری و لاوازی فەرهەنگ و كولتووری ئابووریمان بۆ كۆمەڵێك هۆكاری مێژوویی و پێوەندار بەنەبوونی قەوارەیەكی سیاسی هەیەو دواتر ژینگەیەكی ناتەندروستی لێكەوتۆتەوە كە بەرهەمهێنی كولتووری دواكەوتوویە نەك كولتوورێك بۆ رۆشنبیری و مەعریفەو بەرزكردنەوەی تواناكانی تاك و بەشدارپێكردنیان لەپرۆسەی ئابووری دا سەبارەت بەم هۆكارانەو تێڕوانینە دكتۆر ئازاد محەمەد سەعید پسپۆرو شارەزا لەبواری كوردستانی و پێوەندییە نێودەوڵەتییەكان لەزانكۆی سەلاحەدین لەو بڕوایەدا بوو: لەبەرئەوەی كورد كیانی نەبووەو هەر بەبەردەوام داگیركراوەو لە شەڕدا بووە، بۆیە هەر لەسەرەتاكانی گەشەی ئابووری ئەوروپاو دەركەوتنی شۆڕشی پیشەسازی كورد بەهاوشێوەی زۆر لەگەلانی جیهان گەشەی ئابووری و كۆمەڵایەتیی بەخۆوە نەبینیوە، بووەتە قوربانی پیلانی داگیركەران و دوژمنان، لەم دۆخە نائارام و ناسەقامگیرییەشدا

**هەرێمی كوردستان بۆ چوونە ناو ئابووری بازاڕ خاوەنی توانایەكی ئابووری گەورەیە بەڵام پێویستی بە ژینگەیەكی لەبار هەیە بۆ گەشەكردنی ئابووری**

**پێویستە پەرەپێدانی مرۆیی لە پرۆسەی پەرەپێدانی سەرتاسەریدا لە ریزبەندی پێشەوەی پلان و بەرنامەكان دابنرێت**

هزرو مەعریفەت بەپێی پێویست نەبووە، مەعریفەی ئابووری بێ قەوارەی سیاسی نابێت، ئەو مەعریفەیەی بە ئەزموون هاوولاتی فێری بووە، لاوازو بێ قاعیدەیە..

مەعریفەی ئابووری تازە لە کوردستان سەری هەڵداوە، ئەوەش بەهۆی گۆڕانکارییەکانی سەدەی بیست و یەکەوە گەیشتۆتە هەرێمی کوردستان، بەتایبەتی دوای رووخان و بەرەو لاوازی و کزبوونی رژێمە شمولییەکان لەناوچەکەدا، لەم روانگەیەوە لەیەکەم هەنگاوی مەعریفەتداین، گۆڕانکاری و بارودۆخی گشتی ئابووری و بەجیهانیبوون ئەو واقیعەی بۆ دروست کردووین، کە هەوڵی بەهێزکردن و پتەوکردنی لایەنی مەعریفە بدەین، کورد سوودی لە دەرئەنجامە سیاسییەکانی عەولەمە وەرگرتووە نەك لەبارودۆخی ئابووری .

من نالێم هیچمان نییە و هیچ نەکراوە، بەڵام لەبەرئەوەی قۆچی قوربانی مێژووین و لەدوای میللەتانی پێشکەوتوودابن، بۆیە ئەمرۆ لەسەرەتای رێگادابن .

سەبارەت بەچۆنیەتی رێکخستن و هەنگاونان بەرەو مەعریفەت دکتۆر ئازاد حوسێن پێی وابوو: هەنگاوی یەکەم پێویستە لەسەقامگیری سیاسییەوە دەست پێ بکات و دواتر بەپرۆسەیەکی دیموکراتی پتەو و فراوان بکرێت، کاتێك دانیشتووانی هەرێمی کوردستان هەنگاو بەرەو مەعریفە بەگشتی و مەعریفەی ئابووری بەتایبەتی دەنێت ئەو کاتەی ژینگەیەکی سیاسی و دیموکراتی و ئابووری لەبار هەبێت.

نەبوونی شارەزایی رۆشنبیری ئابووری و بوونی فەرهەنگێکی بەهێز لەمبوارەدا بۆ کۆمەڵێك هۆکاری سیاسی و مێژوویی دەگەڕێتەوە، کە وایانکردووە تاکی عێراقی و کوردستانی بەجێ بمێنێت لە پێشکەوتنی ئابووری و کۆمەڵایەتیی جیهان، ئەمەش هاوکات بووە لەگەڵ بوونی حکومەتە ناوەندییەکان کە بەشێوەیەکی تاکڕەویی حوکمڕانییان کردووەو، رێگایان بەکرانەوەی ئابووری نەداوەو لەمەشدا وەبەرهێنان و بیزنسکاران نەیانتوانیوە لەکەرتە جۆراوجۆرەکانی ئابووری کارو وەبەرهێنان بکەن، تەنانەت وەبەرهێنە بیانییەکانیش بەهۆی ئەو حکومەتە شمولییانەوە روویان لە عێراق و کوردستان نەکردووە، ئەمرۆش ناتوانرێت بەخێرایی بێ خۆئامادەکردن و پەرەپێدانی سەرجەم بوارەکان روو بکەینە ئابووری بازاڕ، ئەوەی ئێستا دەبینرێت ئابووری بازاڕ نییە، چونکە هەرێمی کوردستان و عێراق بەگشتی تاکو ئێستا خاوەنی دامەزراوەیی ئابووری نییە. دکتۆر عەلی عوبێدی شارەزا لەبواری ئابووری لە زانکۆی دهۆك پێی وایە بۆ گەیشتن و بەڕێوەبردنی ئابووری و بازاڕ شارەزایی و رۆشنبیری و مەعریفەی تاك پێویستە، نەبوونی شارەزاییەکی



**دکتۆر کاوە محەمەد قەرەداخی مامۆستای کۆلێژی کارگێڕی و ئابووری لەزانکۆی سلێمانی**

# نەبوونی مافی خاوەندارێتی و پشێوی بازاڕ وایانکردووە هاوولاتی نەتوانێت بەشێوەیەکی ئاسایی و سروشتی بەشداری لە پرۆسەی ئابووریدا بکات

رۆشنبیری لای تاکی عێراقی و کوردستانی بۆ ئەو بارودۆخە ناسروشتییە دەگەڕێتەوە کە عێراق بەشێوەیەکی گشتی پێیدا تێپەڕبووەو، کولتووری توندوتیژی لێکەوتۆتەوە، بۆیە پێم وایە نەبوونی سەرمایەی مەعریفی بەگشتی و ئابووری بەتایبەتی مێژوویەکی کۆنی هەیەو پێوەندی بەبارودۆخە سیاسییەکەوە هەبووە، کە کاریگەری توندی لەسەر رەوشی ئابووری بەجێهێشتووە، بەمەش هاوڵاتی ماف و ئەرکەکانی شارەزا نییە و ئاگاداری لەواقیعی ئابووری جیهانی کەمە و نەیتوانیوە بەپێی گۆڕانکارییەکانی سەردەم ئاستی مەعریفەی خۆی بەرەو پێشەوە ببات، راستە شارەزاییەکی ئابووری لەلای بازرگان یان بیزنسکارو وەبەرهێن هەیە یا لێرەو لەوێ نوخبەیەکی ئابووری چەند شارەزاییەکیان لە گۆڕانکاری و پێشکەوتنەکانی دنیا هەیە بەڵام نەبوونی فەرهەنگێکی ئابووری فراوانی دەوڵەمەند لای زۆرینەی هاووڵاتییان گرنگترین کێشەکانی بەردەم پێشکەوتنی ئابوورییە، دکتۆر عەلی عوبێدی پێی وایە بۆ دەربازبوون لەو واقیعەو هەنگاونان بەرەو پێشکەوتنی ئابووری لە رێگای پەرەپێدانێکی سەرتاسەرییەوە دەبێت کە پەرەپێدانی مرۆیی لە پێشەنگی پلان و بەرنامەکاندا بێت و بواری پەروەردەو خوێندن گۆڕانکاری بنەڕەتی بەسەردا بێت و ئابووری بازاڕیش تێکەڵ بە ئەزموونی ئابووری وڵاتانی پێشکەوتوو بکرێت.

پەرەپێدانی کۆمەڵگاو گەیشتن بەئابووری بازاڕلەتاکەوە دەست پێ دەکات و بۆ خزمەتی تاکە لەناو کۆمەڵگادا، بۆیە پێویستە سەرجەم بنەماکانی ئابووری لەخزمەتی پەرەپێدانی کۆمەڵگاو ئابوورییەکەی بێت، لەمەشدا کەسانی تەکنۆکراتی ئابووری رۆڵی سەرەکییان هەیە، چونکە ئەوان جێبەجێکاری ئەو نەخشەیەن کە دەمانگەیەنێتە قۆناغێکی پێشکەوتووی ئابووری . کاتێك بەرەو ئابووری بازاڕ هەنگاو دەنێین، نابێت بەخێرایی هەنگاو بنێین، خێراییەك وامان لێبکات لە واقیعی کۆمەڵایەتی و ئابووری خۆمان لەبیر بکەین، بۆنموونە تا بیرۆکەو هزرەکانی ئابووری ناوەندی و سۆشیالیستی و کەرتی گشتی لەسەرمان زاڵ بێت و خاوەنی دامەزراوەیی ئابووری نەبین، مومکین نییە بتوانین لە هەڵەو نەزانینی ئابووری دەربازمان بێت، ئابووری عێراق بەگشتی و کوردستانیش لەگەڵیدا نەگەیشتۆتە ئەو ئابوورییەو زۆرجار ئابووری کەرتی گشتیشی لەدەست داوە واتە بەشێوەیەکی ناعەقڵانی میکانیزمەکانی بازاڕ ئابوورییەکەمان بەڕێوە دەبات.

لەپێوەندییەکدا لەگەڵ ئوستادی یاریدەدەر محەمەد سومیدعی شارەزا لەبواری پەرەپێدانی مرۆیی و کارگێڕی ستراتیژی لە زانکۆی دهۆك سەبارەت بەم پرسە پێی وابوو: بێ

**پێویستە سەرجەم بنەماکانی ئابووری لەخزمەتی پەرەپێدانی کۆمەڵگاو ئابوورییەکەی بێت، لەمەشدا کەسانی تەکنۆکراتی ئابووری رۆڵی سەرەکییان هەیە**

**گەلانی پێشکەوتوو بەبەردەوام هەوڵی ئەوە دەدەن رۆڵ و پێگەی سەرمایەی مەعریفی لە بواری ستراتیژییەتی ئابووری زیاتر بکەن**



دكتۆر ئازاد محەمەد سەعید  پسپۆرو شارەزا لەبواری كوردستانی و پێوەندییە نێودەوڵەتییەكان لە زانكۆی سەلاحەدین

# هەنگاونان بەرەو مەعریفە بەگشتی و مەعریفەی ئابووری بەتایبەتی پێویستی بە ژینگەیەكی سیاسی و دیموكراتی و ئابووری لەبار هەیە

ئۆستادی یاریدەدەر محەمەد سومێدعی  شارەزا لەبواری پەرەپێدانی مرۆیی و كارگێڕی ستراتیژی

# بوونی ژینگەیەكی كۆمەڵایەتی و ئابووری لەبار بۆ سەركەوتنی پرۆسەی پەرەپێدانی مرۆیی و گەشەكردنی سەرمایەی مەعریفی پێویستە

**مەعریفەی ئابووری لای تاكی كوردستانی زۆر سادەو لاوازە**

**لەهەرێمی كوردستاندا بەشێوەیەكی ئەزموونی تاكی كوردستانی بووەتە خاوەنی فەرهەنگی ئابووری و كولتوورێك بۆ رێكخستنی ژیانی ئابووری**

پەرەپێدانی دەرامەتی مرۆیی و گەشەكردنی رۆشنبیری ئابووری تواناكانی تاك زەحمەتە لەئابوورییەكی كلاسیكی كۆن دەربازمان بێت، راستە خاوەنی دەرامەتێكی مرۆیی باشین بەڵام ئەم دەرامەتە نەخراوەتە ناو چوارچێوەیەكی راست و دروستی پەرەپێدانەوە، سومێدعی لەو بڕوایەدایە پەرەپێدانی مرۆیی كە بۆ رێكخستنی پێوەندی نێوان ئابووری و هاوڵاتیبوون لەناو كۆمەڵگا چێی بایەخە، لەم پێناوەش دا دابینكردنی ژینگەیەكی لەبار بۆ پەرەپێدانەكە پێویستە كەسەرجەم بنەماكانی ریفۆرمخوازی كۆمەڵایەتی و دابونەریت و رۆشنبیری و فەرهەنگی لەخۆی گرتبێت لەمبارەیەوە پێی وایە: دەكرێت دەسەڵاتی سیاسی ئەركی بەرپرسیاری وەرگرێت لە ئەنجامدانی كۆمەڵێك ریفۆرمی كۆمەڵایەتی و ئابووری تاوەكو تاك و كۆمەڵگا بەرەو قۆناغێكی پێشكەوتوو هەنگاو بنێت، كەلەگەڵ گۆڕانكارییەكانی سەردەمدا بگونجێت، بێبوونی ژینگەیەكی كۆمەڵایەتی و ئابووری لەبار ناكرێت سوود لە پرۆسەی پەرەپێدانی مرۆیی و گەشەكردنی سەرمایەی مەعریفی وەربگرین.

گەلانی پێشكەوتوو بەتایبەت لەسەدەی بیست و یەكدا بەبەردەوام بیر لەو رێگاو شێوازانە دەكەنەوە، كە دەبێتە هۆی پێشكەوتنی بواری بەرێوەبردنی وڵات بەتایبەت بەرێوەبردنی ستراتیژی، بۆیە بەبەردەوام هەوڵی ئەوە دەدەن رۆڵ و پێگەی سەرمایەی مەعریفی لە بواری ستراتیژییەتی ئابووری زیاتر بكەن، تاوەكو ئابووری لە قەیران و كێشەو مەترسییەكان بەدوور بێت، لەمەش دا سوودیان لە چینی ناوەراست و رۆشنبیران و رێكخەرانی ئابووری وەرگرتووە ئەوان دەتوانن بەپلان و ریفۆرم رووبەرووی مەترسییەكان ببنەوە و توانای ریفۆرمیان هەیە.

ناكرێت ئامانجەكان بەدەست بهێنین بێ ئەوەی شارەزایمان لە واقیعی ئابووری هەبێت و ئەو گۆڕانكارییانەی كە دەكرێت ئەنجامی بدەین، ئابووری بەبێ دەرامەتی مرۆیی گەشە ناكات و ئەم گەشەكردنەش پێویستی بە پەرەپێدانی مرۆیی هەیە .

لەئابووری نوێدا كەرتە ئابوورییەكان تەنیا بە پەرەپێدانی ئابووری پێش ناكەوێت بەڵكو بەسەرمایەی مەعریفی پێش دەكەوێت، سەرمایەی مەعریفیش پێویستی بەسەرمایەی هزری هەیە كە لەرێگای كۆمەڵێك بیرو بۆچوونەوە ئاستی بیركردنەوە و تێڕوانینمان بەشێوەیەكی ستراتیژی و نوێخوازی ئاراستەی ئابووری و شێوازی تێڕوانینمان بۆ داهاتوو دەكات.

سەبارەت بەنەبوونی فەرهەنگێكی ئابووری و لاوازی ئاستی رۆشنبیری ئابووری لای بیزنسكارو گەورە وەبەرهێنەرانی كوردستان كە مەترسییەكان گەورەتر دەكات بەڕێز نەوزاد كامیل سەرۆكی لقی سلێمانی سەندیكای ئابووریناسی كوردستان پێی وایە هۆشیاری و رۆشنبیری ئابووری لەهەرێمی كوردستان پێویستی بەپەرەپێدان هەیە، مەترسییەكانی نەبوونی رۆشنبیری و هۆشیاری ئابووری كێشەی لاوازی فەرهەنگی ئابووریشی لەگەڵ خۆیدا هێناوە، نەبوونی ئەم سەرمایە مەعریفەیە تەنیا لای هاووڵاتییان نەكەوتۆتەوە بەڵكو بیزنسكارو وەبەرهێنیش ئەو شارەزاییەیان لەمبوارەدا نزم و لاوازە و، یەكێك لەهۆكارە سەرەكییەكانی خراپی ئاستی بەرهەمهێنان و گەشەیان بۆ ئەم هۆكارە دەگەڕێتەوە، كاتێك بیزنسكاران و سەرمایەدارانی هەرێمی كوردستان ئەو رۆشنبیرییە ئابوورییەیان كزو لاواز بێت كاریگەری لەسەر خراپی فەرهەنگی ئابووریشمان دەبێت كە هاوكاتە لەگەڵ خراپی كولتوورو دابونەریتی ئابووری كۆمەڵایەتیش.

بەرزكردنەوەی توانا مەعریفییەكانی تاك و پێگەیاندنی نەوەی نوێ هۆكارێكە بۆ پێگەیاندنی هەستی نیشتمانپەروەری و گەیشتن بە خۆشگوزەرانی، كاتی ئەوە هاتووە كولتووری رۆشنبیری و یەكترقبوڵكردن و خۆشەویستی لەناو هزرو بیروباوەڕی تاكی كورد جێگای دواكەوتوویی و توندوتیژی و لەخشتەبردنی گەنج بگرێتەوەو چیتر هەندێك لە هاووڵاتییان لەخشتەنەبرێن و دوای قسەو دروشمی بێ ناوەڕۆكی دژایەتیكردنی حكومەتەكەیان و ئابووری و كۆمەڵگاكەیان نەكەون، دوای ئەو كولتوورو واقیعە بكەون كە خزمەتی نەتەوەكەیی و خۆی و خێزانەكەیانی تێدایە.

كاتی ئەوە هاتووە چیتر حكومەت بێدەنگ نەبێت بەرامبەر كەسانێك بەناوی بازرگانی

دکتۆر عەلی عوبێدی شارەزا لەبواری ئابووری

# نەبوونی فەرهەنگێکی ئابووری لای زۆرینەی هاووڵاتییان گرنگترین کێشەکانی بەردەم پەرەپێدانی کۆمەڵگاو ئابوورییەکەیەتی



نەوزاد کامیل سەرۆکی لقی سلێمانی سەندیکای ئابووریناسی کوردستان

# هەریەک لە دەسەڵات و ئۆپۆزسیۆن ئەرکی ئەوەیان لەسەرە هاووڵاتییان ئاشنا بکەن بەدۆخە ئابوورییەکان و بڵاوکردنەوەی رۆشنبیری ئابووری

**ئێمە لەهەرێمی کوردستان خاوەنی دەرامەت و سامانی گەورەین، بەڵام پێویستی بەدەرامەتی مرۆیی و پەرەپێدانی ئەو دەرامەتە هەیە**

و پیشەسازی و وەبەرهێنانەوە لەسەر حسابی بەرژەوەندی گشتی و ئابووری هاووڵاتییان و هەرێمەکە خۆیان دەوڵەمەند بکەن و کۆمەڵگایەکی بێبەرهەم و ناتەندروستی لێبکەوێتەوە، ئەوەی ئەمرۆ لەکەرتی بازرگانی دەبینرێت بەفیرۆدان و لەناوبردنی ئابوورییە بەناوی بازرگانییەوە. نەبوونی فەرهەنگی ئابووری تەنیا هۆکارەکەی ناکەوێتە سەر خودی هاووڵاتی و دەستەبژێری چین و توێژەکانی ناو کۆمەڵگا بەڵکو بەشێکی بۆ لاوازی حکومەت و دامودەزگاکانی پلاندانان و پەرەپێدان دەگەڕێتەوە، کەنەیانتوانیوە بەپێی ستراتیژییەتێکی رێکوپێك روو لەپەرەپێدانی مرۆیی و دابینکردنی ژینگەیەکی لەبار بکەن بۆ گەشەکردنی سەرمایەی مەعریفی و رۆشنبیری ئابووری. سەرۆکی لقی سەندیکای ئابووریناسی کوردستان ئاماژەی بەخاڵێکی گرنگ کرد ئەویش رۆڵی دەسەڵات و ئۆپۆزسیۆن لەچۆنیەتی چارەسەرکردنی گرفت و کێشە ئابوورییەکان و رێکخستنەوەی هەموو کەموکورتییە ئابوورییەکان ئەو پێی وایە لەبواری پێگەیاندنی تواناکان و گەشەکردنی سەرمایەی مەعریفی بەتایبەتی لەبواری ئابووری هەریەك لە دەسەڵات و ئۆپۆزسیۆن ئەرکی ئەوەیان لەسەرە هاووڵاتییان ئاشنا بکەن بەدۆخە ئابوورییەکان و بڵاوکردنەوەی رۆشنبیری ئابووری، بۆنموونە لەهیچ وڵاتێکی دیموکراسی دنیادا نییە ئۆپۆزسیۆن هانی خەڵکی بدات لەدژی حکومەت، چونکە حکومەت خزمەتگوزاری هاووڵاتییانەو کورسی دەسەڵاتیش لەپرۆسەی دیموکراسی و دەستاودەست کردنی دەسەڵات گۆڕانکاری بەسەردا دێت و هەموو لایەنەکان لە دوارۆژدا شانسی بەشداریکردنی کارایان دەبێت لەو حکومەتە. بۆیە ئۆپۆزسیۆن و دەسەڵات هەردوو لا بەرپرسیارن لە گەشەکردنی ئابووری، رەنگە شێوازو میکانیزم و ئاستی بەشداریکرنەکە جیاواز بێت، زۆرجار لەرێگای بەرزکردنەوەی پرۆژەی تەندروست و زانستییەوە رۆڵی ئۆپۆزسیۆن لە ژیانی ئابووری فراوانترو کاریگەرتر دەبێت.

راستە هەرێمی کوردستان تەواوی بڕگەو بنەماکانی فەلسەفەی ئابووری بازاڕی جێبەجێ نەکردووەو خاوەنی پلانێکی ئابووری سەرتاسەری نییە، بەڵام ئەمە ئەوەناگەیەنێت بەرنامەو کاری ئابووری نییە، هەنگاوی باش نراوە بۆ پێشکەوتنی ئابووری و بەدەیان خولی مەشق و راهێنان بۆ فەرمانبەران کراوەتەوەو پتر لە ١٠٢٠٠ کۆمپانیای جۆراوجۆر دامەزراون و دەیان کۆمپانیای تری بیانی روویان لەهەرێمەکە کردووە. تاد ئەمانە هەمووی کاری لەسەر کراوەو بۆ پێشەوە چووە، لەم دۆخەدا رەنگە وردە وردە بەرەو فەلسەفەی ئابووری بازاڕ بچین باشە تاوەکو هەموو ژینگەو دۆخە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانی گەیشت بە ئابووری بازاڕ دابمەزرێت، واتە کەرتی گشتی و تایبەتی لەپاڵ ئۆپۆزسیۆنیش ئەرکی بڵاوکردنەوەی هۆشیاری ئابووری و کولتووری رۆشنبیری ئابوورییان دەکەوێتە، کە بۆ تەواوکردنی پرۆسەی ئابووری زەروورە.

**لەهیچ وڵاتێکی دیموکراسی دنیادا نییە ئۆپۆزسیۆن هانی خەڵکی بدات لەدژی حکومەت**

بوونی بازاڕەکانی بۆرسەو کۆمپانیاکانی هاوبەش کەهاووڵاتی لە رێگایەوە دەتوانن بەشداری لە بازاڕی دارایی و ئابووری بکەن، یەکێکە لەهەرە هۆکارە گرنگەکانی زیادبوونی شارەزایی و هۆشیاری بەپەرەپێدانی ئابووری، بوونی مافی موڵکدارێتی فیکری هاووڵاتی ئاشنا دەکات بەبارودۆخی ئابووری و وەرگرتنی تەواوی مافەکانیەتی و جێبەجێکردنی ئەرکەکانی سەرشانێتی.

لێپرسراوی فایلی ئابووری: شەماڵ نووری
Email: shamalnori2001@yahoo.com Aburi@gulan-media.com
Mobile: 07504512761